خەبات

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
The,Feb,9. 2010 No: (3395)

Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Nazhad Aziz Surme
http://www.xebat.net E-mail:info@xebat.net

لە ڕۆژی ڤالانتایندا، گۆڤاری (تاو) فایلێکی تایبەت بە سێوی مێخەکرێژ دەکا

مەسعودی مەلا هەمزە: بڕیارە لە ڕۆژی ڤالانتایندا و بۆ پرۆژەی بە نەتەوەییکردنی سێوی مێخەکرێژ، گۆڤاری تاوی فۆتۆگرافی فایلێکی تایبەت بەو پرۆژەیە دەربکەن. پرۆژەی بە نەتەوەییکردنی سێوی مێخەکرێژ کە لە 2010/2/14 لە زیاتر لە 40 شارو شارۆچکە بەڕێوەدەچێ گۆڤاری تاو فایلێکی تایبەت بەو پرۆژەیە دەربکەن. لەمبارەیەوە سۆنیا سدیق سەرنووسەری گۆڤاری تاو گوتی: لە سەرەتادا بڕیاربوو ئێمە ئەو ژمارەیە تایبەت بکەین بەو پرۆژەیە، بەڵام دواتر کە بیرمان کردەوە و لەبەر ئەوەی بەشی زۆری فۆتۆکان لە ژمارەکانی پێشووی گۆڤارەکەمان بڵاوبوونەوە، بۆیە نەدەکرا فۆتۆکان دووبارە بڵاوبکەینەوە، بۆیە بڕیارماندا لەو ژمارەیەی کە لەو ڕۆژەدا دەردەچێ فایلێکی تایبەت بەو پرۆژەیە و بەو ڕۆژە ئامادە بکەین.



هونەرمەند: مەهدی عەلی زادە

ڕۆژا نڤیسەرێ کورد ل دهۆکێ

ب هەلکەفتنا «40»سالیا ڕۆژا نڤیسەرێ کورد، ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد ـ دهوک، دێ ڤێ ڕۆژێ ب ڤان بزاڤێن ل خوارێ زیندی کەت:

1 ـ ڕۆژا سێ شەمبی 2010/2/9 (زمانێ کوردی یێ ستاندارد.. پراکتیک و ئاستەنگ)، بۆ ماموستایێ زانکۆیا دهۆک هێژا «د. نزار خورشید ئاکرەیی».

2 ـ ڕۆژا چوارشەمبی 2010/2/10 (چەند ئاوازو موزیک ژ لایێ هونەرمەندێ هێژا «عزەدین تەمۆ» ڤە).

ـ پەیڤا ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد/ دهۆک ب هەلکەفتا ڕۆژا نڤیسەرێ کورد.

ـ سیمینارەک ل ژێر ناڤێ «ئینستیتیوتا کوردی ل بروکسل.. گرنگیا خەباتا چاندی ل ئەورووپا» بۆ سەرۆکێ ئینستیتیوتێ نڤیسەرێ هێژا «درویش فەرحو».

ـ بەلاڤکرنا «4» پرتۆکێن نوی «ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد ـ دهوک».

دەمژمێر «4:00» ئێڤاری ل «باغچێن نڤیسەران».

وا وەتەن خەملیوە وەک گوڵ، ئەو نەو بەهاری میللەتە شادمانیی قەومی کوردە، ڕۆژی هەوڵ و هیمەتە میللەتی کورد، مۆلکی سەربەستی ئەخاتە دەستی خۆی گیانفیدایی گەر نەکا، هەر کەس بەشی ئەو لەعنەتە زەڕەیەک خاکی وەتەن، نادەم بە قەسری قەیسەری جۆگەلەو کانیی وەکو کەوسەر هەوای وەک جەننەتە

زێوەر

د. فازڵ جاف دەگەڕێتەوە مەغریب

بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا د. فازڵ جاف سەردانی وڵاتی مەغریب بکات بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەری «گەڕانەوە بۆ بیابان» لە نووسینی ئیدوارد کولتیس. وەک د.فازڵ پێی ڕاگەیاندین؛ لەوێشەوە بەرەو وڵاتی میسر هەڵدەکشێ بۆ کردنەوەی ژرک شۆپێکی دوو هەفتەیی. د.فازڵ دەربارەی ئەو ئەزموونە نوێیەی لەگەڵ ئیدوارد کولتیس گوتی: من وا ڕاهاتووم هەمیشە حەزم لە ئەزموونی نوێ و جیاوازە.

لە لاپەڕەی (1)ـەوە

پێش دەسپێکردنی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن
تابلۆ و وێنەی نوری مالیکی و ئیبراهیم جەعفەری بڵاوکراونەتەوە

ئاژانسەکان: قاسم عەبودی نوێنەری ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند، سزای ئەو لایەنانە دەدەین کە لە ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆن لایانداوەو پێش وادەی دیاریکراو بانگەشەی هەڵبژاردنیان کردووە. هەروەها عەبودی ڕەتیکردەوە کە کۆمیسیۆن دۆستایەتی کیانە سیاسییانە بکات کە لەناو حکوومەتدان. لەلایەکی دیکەوە لە شەقامەکانی بەغدا، تابلۆ و وێنەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق و هەروەها وێنەی ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی

بۆ ل13

حکوومەتی تورکیا هێرشەکانی سەر بارەگاکانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی ئیدانە دەکات

ئاژانسەکانی هەواڵ لەتورکیا بڵاویانکردەوە کە حکوومەتی تورکیا پەلامارەکەی شەوی هەینی بۆ سەر بارەگای پارتی ئاشتی و دیموکراسی ئیدانە کردو ڕایگەیاند، کە بەشیر ئەتەلای وەزیری ناوخۆی تورکیا لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەلاحەدین دەمیر تاش هاوسۆزی بۆ (بەدەپە) نیشانداوە. سەرۆک وەزیری تورکیا پەلامارداننی بارەگای پارتی ئاشتی و دیموکراسی لەشاری ئەنقەرە ئیدانە کردووەو پەلامارەکەی بەکارێکی ئاژاوەگێڕانە هەژمار کردووە. ئاتەلای

بۆ ل13

هیلاری کلینتۆن: هەڕەشەی قاعیدە لە هەڕەشەی ئێران گەورەترە

هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند: هەڕەشەی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە زۆر گەورەترە لە هەڕەشەی ئێران و جەختیشیکردەوە کە هێشتا ئێران هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە. کلینتۆن لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تۆڕی CNN گوتی: بوونی وڵاتی وەکو کۆریای باکوور و ئێران بە خاوەنی چەکی ئەتۆمیی هەڕەشەی ڕاستەقینەن. ڕاشیگەیاند، ئێران بە شێوەیەکی ئەنقەست یاری بە کات دەکات. سەبارەت بە دەستپێشخەریەکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم لە دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە دابینکردنی سووتەمەنی پێویست بۆ دامەزراوەکانی

بۆ ل13

بڕۆڤایل

هەستیاری پەروەردەکردنی منداڵ

منداڵ ئەو بوونەوەرە پڕ لە بەرائەتەیە کە زۆربەمان حەزدەکەین بگەڕێینەوە ئەو سەردەمەی کە منداڵ بووین، چونکە لەو دەمەدا ئەوەی بیرمان لێیدەکردەوە تەنها یاری و سەیرکردنی فیلمە کارتۆنی و ئەو پرۆگرامانە بوون کە تایبەت بوون بەو تەمەنە. لێرەدا ئەوەی مەبەستمە پەروەردەکردنی منداڵە هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونییەوە، بێگومان پەروەردەکردنیشی ئەگەرچی دایک و باوک هۆکارێکی سەرەکین، دواتر ئەرکی حکوومەتە لە پەروەردەکردنی جا هەر لە دایکەو باخچەی ساوایان و ئینجا قۆناغەکانی تری خوێندن بە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ پەروەردەکردنی. هەروەها دەبێت حکوومەت و لایەنی پەیوەندیدار چاودێرین لەسەر هەموو ئەو بڵاوکراوانەی کە تایبەتن بە منداڵانان. ئێستا دوای بڵاوبوونەوەی ئەو تەکنەلۆژیایەی لەجیهان و لەم ڕووەوەش منداڵ بێ بەش نەبووە لێی. بەڵام لەم وڵاتەی ئێمە، نەبوونی چاودێرییەکی توند وایکردووە کە زۆر لە فیلم و پرۆگرامەکانی منداڵ بەشێوەیەکی نادروست و بە زمانێکی ناشیرین دۆبلاژ بکرێن وەک نموونەی بەشە یەک لە دوای یەکەکانی «ئەبو حەفازە و مشک و پشیلە و ....تد». ئەو ڕۆژە کوڕەکەم سەیری یەکێک لەم کارتۆنانەی سەرەوەی دەکرد بەڕاستی تاسام کە گوێم لەو دیالۆگانە بوو. بەڕاستی سەیربوو دەبێ هەرواو بەبێ مۆڵەت ئەم جۆرە بەرهەمانە بگەنە دەستی منداڵ!!. ئەو منداڵانەی بەم تەمەنە فێری ئەم زمانە دەبن دەبێ لە دواڕۆژدا فێری جی تر بێن!!. سەیرتریش لەمە ئەوەیە بڵاوکردنەوەکە زۆر ئاشکرایە و لۆگۆی سەنتەرەکەشی لەسەرە، کە بڵاویکردۆتەوە!. هەروەها لە تایتڵەکانیش نووسراوە «مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ سەنتەری.....). هیوادارم گرنگی بە فەرمانبەرو مامۆستا و فەرماندە و سەرکردەکانی دواڕۆژ بدرێت کە منداڵە.

کارزان حەیدەر

سبەی یەکێتی نووسەرانی کورد ساڵیادی دامەزراندنی دەکاتەوە

کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی سبەینێ، یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر، چلەمین ساڵیادی خۆی لە هۆڵی پێشەوای وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکاتەوە و لەوێدا ڕێز لە دەستەیەک لە ئەندامانی خۆی دەنێت.